# کاتێک منداڵێک دەمرێت

## ڕێبەرێک بۆ دایکان و باوکان و بەخێوکەران



داتابەیسی نیشتیمانیی مردنی منداڵان (NCMD) پرۆگرامێکە پارەدار دەکرێت لەلایەن دامەزراوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانیی (ئێن ئێچ ئێس) ئینگلتەرا

NCMD
National Child Mortality Database

# ناوەڕۆک


ناساندن ٣

## بەشی ١

پوختەیەک دەربارەی ئەوەی چی ڕوودەدات کاتێک منداڵێک دەمرێت ٤

ئاگادارکردنەوەت ٥

ڕۆڵی کارمەندە سەرەکییەکەت ٥

کەسانی پیشەیی تر ٥

کەمێک پاش ئەوەی منداڵەکەت دەمرێت ٦

بڕوانامەی پزیشکی هۆکاری مردن ٦

ئەو منداڵانەی کە نەخۆشییەکی درێژخایەن یان دۆخێکی سنووردارکردنی ژیانیان هەیە ٦

ئەگەری لێکۆڵینەوەی زیاتر ٧

لێکۆڵینەوەکان چەند دەخایەنن ٧

ئەوەی پزیشکی دادوەری دەیکات ٧

پشکنینی پاش مردن و ڕۆڵی پزیشکی شیکەرەوەی نەخۆشییەکان ٨

پشکنینی پاش مردنی منداڵ لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری مردنی منداڵەکەت ٨

لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری ٩

کاتێک دەزگا هاوبەشەکان بەشداری دەکەن ١٠

لێکۆڵینەوەیەکی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆشی ئێن ئێچ ئێس ١١

ئەنجامی پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ ١٢

گفتوگۆی ناوخۆیی سەبارەت بە مردنی منداڵەکەت ١٢

گفتوگۆی هەرێمی سەبارەت بە مردنی منداڵان – پانێڵی گشتیی مردنی منداڵان ١٣

داتابەیسی نیشتیمانیی مردنی منداڵان (NCMD) ١٤

ئەگەر پرۆسەی پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ جێبەجێ نەکرابێت ١٤

## بەشی ٢

ئەو شتانەی کە تۆ بیانکەیت ١٥

پاڵپشتی ١٥

تۆمارکردنی مردنی منداڵەکەت ١٥

ڕێکخستنی پرسەی منداڵەکەت ١٥

پارەی منداڵ و پارەدانەکانی تر ١٦

شتی تر کە دەبێت ڕەچاو بکرێن ١٧

لەکوێ زانیاریی زیاتر وەربگریت ١٧

سەرچاوەکانی پاڵپشتیی جەرگسوتان ١٨

ئەم ڕێبەرییە لەلایەن کۆمەڵێک دایک و باوکی جەرگسوتاو، ڕێکخراوەکانی پاڵپشتی و کەسانی پیشەییەوە ئامادە کراوە. ئەمە بۆ دایک و باوک و بەخێوکەرانی منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن بۆ تێگەیشتن لە هەندێک لەو شتانەی کە ئێستا ڕوودەدەن و ئەو پاڵپشتییەی کە بەردەستە.

ئەم ڕێبەرییە دەبێت لە ڕۆژانی سەرەتای مردنی منداڵەکەت پێت بدرێت کە دەزانین دەکرێت کاتێکی سەخت بێت. هەموو زانیارییەکان پەیوەندیدار نابن بە تۆوە. ڕەنگە بتەوێت ئەم ڕێبەرییە هەڵبگریت و دواتر دووبارە بیخوێنیتەوە.

> ئێمە نەماندەزانی چاوەڕێی چی بکەین کاتێک منداڵەکەمان لەدەستدا، چی ڕوودەدات و کێ لەم بابەتەدا بەشدار دەبێت. ئەم نامیلکەیە تێڕوانینێکی گرنگ پێشکەش دەکات سەبارەت بەوەی کە دواتر چی ڕوودەدات، کێ پەیوەندیت پێوە دەکات و دەتوانیت قسە لەگەڵ کێ بکەیت بۆ یارمەتی. هیوادارین ئەم نامیلکەیە وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە بداتەوە کە هەتە و هەندێک پرسیای تریش کە لەوانەیە بە مێشکتدا نەهاتبێت و دەبێت وەک سەرچاوەیەکی بەسوود کەڵکی لێ وەربگیرێت تا دواتر بگەڕێیتەوە سەری."
>
> **دایک یان باوکی جگەرسوتاو**

گرنگە پێداچوونەوە بە مردنی هەموو منداڵێک بکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین شت دەربارەی مردنەکە فێربین.

ئەم پێداچوونەوەیە بۆ یارمەتیدانی خۆت و ئەندامانی تری خێزانەکەتە بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری مردنی منداڵەکەت. هەروەها هەوڵ دەدات ڕێگری لە مردنی منداڵانی تر بە هەمان هۆکار بکات.

ئەم ڕێبەرییە بۆ ئەو دایک و باوکانەیە کە منداڵەکانیان لە ئینگلتەرا مردوون.

**بەشی ١** ی ئەم ڕێبەرییە لایەنە جیاوازەکانی پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ دەخاتەڕوو.

**بەشی ٢** هەندێک لەو شتانە دەخاتە ڕوو کە پێویستە ئەنجامیان بدەیت و لەکوێ زانیاری و پشتگیری زیاتر بەدەست بهێنیت.

ئەم ڕێبەرییە زانیاری دەربارەی کارمەندێکی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە کەسی پەیوەندیپێوەکەری سەرەکیت و دەتوانێت بۆ سەرچاوەکانی پشتگیری ئاڕاستەت بکات.

کارمەندە سەرەکییەکەت:

| |
|---|
| |

ئەگەر ئەم ڕێنماییەت پێ دراوە بەبێ هەبوونی ناوێک لەو چوارچێوەیەی سەرەوە، پەیوەندی بکە بە یەکێک لەو کارمەندانەی کە پێشتر پەیوەندیت پێوە کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی ئەو کەسە دەبێت کێ بێت.

لە هەر شوێنێکدا وشەی 'دایکان و باوکان و بەخێوکەران' هات، ئەوە ئاماژەیە بە بەخێوکەرە سەرەکییەکانی منداڵەکە کە لەوانەیە دایک و باوکی بایۆلۆجی نەبن، وەک بەخێوکەران، هاوبەشانی هاوڕەگەز و هەر سەرپەرشتیارێکی تر.

# بەشی ١

## پوختەیەک دەربارەی ئەوەی چی ڕوودەدات کاتێک منداڵێک دەمرێت

مردنی منداڵ قورسترین شتە کە هەر خێزانێک پێیدا تێپەڕێت. 'پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ' دەستەواژەیەکە بەکاردێت بۆ باسکردنی ئەو پرۆسە فەرمییانەی کە دوای مردنی منداڵ ڕوودەدەن. هەندێک ڕێکار هەن کە بۆ مردنی هەر منداڵێک جێبەجێ دەکرێن و هەندێکیشیان ڕەنگە بە گوێرەی بارودۆخەکە پێویست نەبن. کارمەندە سەرەکییەکەت دەتوانێت پێت بڵێت کە چ شتێکی پەیوەندیدار بە منداڵەکەت ڕوودەدات.

ئەو هێڵکارییەی خوارەوە سێ قۆناغی کۆی پرۆسەکە و ئەو بەشە جیاوازانە دیاری دەکات کە دەکرێت ڕووبدەن. بەدرێژایی ئەم ڕێبەرییە ئاماژە بە 'پرۆسەی پێداچوونەوە' دەکەین بۆ وەسفکردنی ئەمە.

زانیاریی زیاتر لەم ڕێبەرییەدا هەیە سەبارەت بە هەریەک لەو بەشانەی خوارەوە.

**کەمێک پاش مردنی منداڵەکەت**

- بڕیار دەدرێت سەبارەت بەوەی کە ئایا دەکرێت لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویست بێت یان نا
- ئاگانامەکان دەنێردرێن
- ئەگەری بەشداریکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ نموونە پزیشکی دادوەری، پۆلیس
- بەشداریکردنی پشکنەری پزیشکی

**لەوانەیە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەست پێبکات**

- لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری
- پشکنینی پاش مردن
- وەڵامی دەزگای هاوبەش
- لێکۆڵینەوەی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆشی ئێن ئێچ ئێس (PSII)

**ئەنجامی پێداچوونەوەی مردنی منداڵ**

- پێداچوونەوەی ناوخۆیی بۆ مردنی هەر منداڵێک لەگەڵ پرسیارەکانی خێزان / بە سەرنجەکانیشەوە
- کاتێک هەموو لێکۆڵینەوەکان ئەنجامدران، شارەزایان بیر لەوە دەکەنەوە کە ئایا دەتوانن شتێک فێر ببن بۆ هەوڵدان و ڕێگریکردن لە مردنەکانی داهاتوو
- هەر مردنێک یارمەتی پسپۆڕان دەدات بۆ فێربوون و باشترکردنی پاڵپشتی و ڕاهێنان

**لە ماوەی پرۆسەکەدا دەبێت لە ڕێگەی کارمەندە سەرەکییەکەتەوە پشتگیری و زانیاریت پێشکەش بکرێت**

# ئاگاداركردنەوەت

## ڕۆڵی كارمەندە سەرەكییەكەت

دەبێت كەسێكت بۆ دەستنیشان بكرێت تا وەك كارمەندی سەرەكیت كار بكات لە ماوەی هەر پێداچوونەوە یان لێكۆڵینەوەیەك لە مردنی منداڵەكەت. ئەمە ئەو كەسەیە كە دەتوانیت داوای زانیاری لێ بكەیت سەبارەت بە پرۆسەی پێداچوونەوە بە مردنی منداڵەكە و دەتوانێت ئاڕاستەت بكات بۆ سەرچاوەكانی پاڵپشتی.

كارمەندی سەرەكیی تۆ زۆرجار كارمەندێكی ئێن ئێچ ئێس یان خانەی نەخۆشان دەبێت. لەوانەیە پەرستار، مامان یان ئەندامی تیمی پشتیوانی تایبەت بە جەرگسوتان بێت. ئەگەر منداڵەكەت نەخۆشییەكی درێژخایەنی هەبووبێت، لەوانەیە خێزانەكەت پێشتر كارمەندێكی شارەزایان بۆ دابینكرابێت، وەك پەرستاری پەیوەندی، كە تۆ دەیناسیت و دەتوانێت وەك كارمەندی سەرەكیی تۆ كار بكات. ڕۆڵی ئەوان بریتییە لە:

**كارمەندی سەرەكی دەبێت كەسی پەیوەندیپێوەكەری سەرەكیت بێت لە ماوەی پرۆسەی پێداچوونەوەكە**

- كەسێكی پشتپێوەبەستراو و بەردەست بێت
- یارمەتیدەر بێت لە ڕێكخستنی كۆبوونەوەكانی نێوان تۆ و كەسە پیشەییەكانی دیكە
- بە ڕوونی زانیاریت پێ بگەیەنێت دەربارەی پرۆسەی پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ و هەر لێكۆڵینەوەیەك كە ڕەنگە پێویست بێت
- دەنگی تۆ بێت لە كۆبوونەوەكانی نێوان كارمەندەكاندا
- دڵنیایی بدات لەوەی پرسیارەكانت وەڵام دەدرێنەوە و دواتر بۆت دەنێردرێنەوە
- ئاڕاستەت دەكات بۆپشتگیریی گونجاوی جەرگسوتان.

## شارەزایانی دیكە

شارەزایانی تریش هەن كە لەوانەیە پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ تۆدا هەبێت.

**پزیشكی دادوەری** - ئەگەر مردنی منداڵەكەت ئاڕاستەی پزیشكی دادوەری كرابێت، ئەفسەری پزیشكی دادوەری بەرپرسیارێتی كەیسەكە لە ئەستۆ دەگرێت.

**پشكنەری پزیشكی** –هەموو ئەو مردنانەی منداڵ كە لەلایەن پزیشكی دادوەرییەوە لێكۆڵینەوەیان بۆ ناكرێت لەلایەن**پشكنەری پزیشكیی ئێن ئێچ ئێسەوە** پێداچوونەوەیان بۆ دەكرێت. پشكنەرانی پزیشكی پزیشكانی پسپۆڕن كە لەسەر بابەتە یاسایی و كلینیكییەكانی پرۆسەی بڕوانامەی مردندا ڕاهێنانیان وەرگرتووە. پزیشكی پشكنەردەرفەتی گفتوگۆكردنت پێ دەدات لەگەڵ كەسێك كە لە چاودێریكردنی منداڵەكەتدا بەشدار نەبووە، پشكنەری پزیشكی یان ئەفسەری پشكنەری پزیشكی. ئەوان پشكنینی سەربەخۆ بۆ هەر مردنێك دەكەن كە پزیشكی دادوەری بەشداری تێدا نەكردبێت.

**پۆلیس** - ئەگەر لێكۆڵینەوەی پۆلیس ئەنجام بدرێت، ئەفسەرێكی پەیوەندی خێزانی دادەنرێت بۆ ئەوەی پشتگیریت بكات و ببێتە خاڵێكی پەیوەندی.

شارەزایانی تریش دەتوانن پشتگیری و زانیاری پێشكەش بكەن. لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە:

- پزیشكە تایبەتەكەت،
- كارمەندی كۆمەڵایەتی،
- كارمەندی پاڵپشتیی خێزان،
- مامان،
- سەردانیكەری تەندروستی،
- تیمی چاودێریی هێوركەرەوە،
- قەشە یان تیمی پاڵپشتیی كەنیسە.

# کەمێک پاش مردنی منداڵەکەت

ژمارەیەک بڕیار لەلایەن شارەزایانەوە دەدرێت، لەوانە ئایا دەتوانرێت بەڵگەنامەی پزیشکی دەربکرێت کە هۆکاری مردنەکە دیاری بکات و ئایا لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە. لە هەندێک حاڵەتدا، وەک ڕێوشوێنێکی ئاسایی پۆلیس بەشداری دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ گومانلێکراویت.

ئەگەر منداڵەکەت لەناکاو و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو مرد، کارمەندێکی چاودێریی تەندروستی چەند کەسێک لە مردنی منداڵەکەت ئاگادار دەکاتەوە، وەک پزیشکی گشتی و پزیشکی دادوەری.

**لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەبێت کاتت پێبدرێت لەگەڵ منداڵەکەت**

پێویستە دەرفەتی ئەوەت پێ بدرێت کە یادگارییەکت لا هەبێت،
وەک وێنە، قژ، یان جێ پەنجە و پێی منداڵەکەت. ئاساییە داوا بکەیت ئەگەر ئەمانەت پێشکەش نەکرا. هەروەها دەبێت بتوانیت هەندێک کات لەگەڵ منداڵەکەت بەسەر ببەیت، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا ناکرێت ئەمە ڕووبدات یان کاتێک پێویستە کەسێکی تریش لەگەڵتدا ئامادە بێت.

بەخشینی ئەندام و شانە یەکێکە لە ئەگەرەکان و دەبوو پزیشکەکان ئەم بابەتەیان لەگەڵت تاوتوێ بکردایە. ئەگەر ئەمە شتێکە کە تۆ بیرت لێ کردووەتەوە، بەڵام باست نەکردووە، قسە لەگەڵ کارمەندە سەرەکییەکەت بکە.

**بۆچوونی تۆ بۆ پێداچوونەوە بە مردنی منداڵەکەت زۆر گرنگە و لە شارەزایان وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم بابەتەت لەگەڵ تاوتوێ بکەن.**

## بڕوانامەی پزیشکی هۆکاری مردن

پزیشک دەتوانێت کەمێک پاش مردنی منداڵەکەت بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن بدات، ئەگەر:

- تێگەیشتن هەبوو لەبارەی هۆکاری مردنەکە
- مردنەکە بە هۆکاری سروشتی بوو
- پزیشکێک بەشداری لە چاودێریکردنی منداڵەکە کردبێت، و
- هیچ نیگەرانییەکی گەورە نەبێت سەبارەت بەو چاودێرییەی کە بۆ منداڵە مردووەکە دابینکراوە.

## ئەو منداڵانەی کە نەخۆشییەکی درێژخایەن یان دۆخێکی سنووردارکردنی ژیانیان هەیە

ئەگەر منداڵەکەت نەخۆشییەکی درێژخایەن یان دۆخێکی سنووردارکردنی ژیانی هەبووبێت و مردنەکەی پێشبینیکراو بوبێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە خێزانەکەت و ئەو تیمەی کە پاڵپشتیت دەکەن 'پلانێکی چاودێریی' گونجاویان داڕشتبێت.

لەوانەیە هێشتا پێویست بێت پزیشکی دادوەری داوای ئەنجامدانی پشکنینی پاش مردن بکات. ئەگەر نا، دەبێت بتوانیت بە خێرایی مردنی منداڵەکەت تۆمار بکەیت و دەست بکەیت بەڕێوڕەسمی پرسە و یادکردنەوە کە خێزانەکەت پلانی بۆ داناوە.

زانیاری لەسەر تۆمارکردنی مردنی منداڵەکەت و پلاندانان بۆ پرسە لە بەشی ٢ ی ئەم ڕێبەرییەدا هەیە.

# ئەگەری لێکۆڵینەوەی زیاتر

لە زۆرێک لە حاڵەتەکانی مردندا، پاش ئەوەی بڕیاری دەستبەجێ دران و ئاگانامەکان نێردران، پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیاتر ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ هەندێک حاڵەتی مردن، لەوانەیە پێویست بە ژمارەیەک لێکۆڵینەوە بکات کە لێرەدا باسی دەکەین. ئەمانە دەگرێتەوە:

- لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری (بڕوانە لاپەڕە ٧)
- پشکنینی پاش مردن (بڕوانە لاپەڕە ٨)
- وەڵامی دەزگای هاوبەش (بڕوانە لاپەڕە ١٠)
- لێکۆڵینەوەی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆشی ئێن ئێچ ئێس (بڕوانە لاپەڕە ١١).
- لێکۆڵینەوەی سەلامەتی دایکایەتی و تازەلەدایکبووان (بڕوانە لاپەڕە ١١)

ئەوەی چ لێکۆڵینەوەیەک پێویستە بە گوێرەی بارودۆخی مردنی منداڵەکەت دەگۆڕێت. هەندێک جار لەوانەیە زیاتر لە یەک لێکۆڵینەوە لە یەک کاتدا ئەنجام بدرێت.

## لێکۆڵینەوەکان چەند دەخایەنن؟

چوارچێوەی کاتی پێشنیازکراو هەیە بۆ لێکۆڵینەوەکان، بەڵام لەوانەیە لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر دوابکەوێت. ڕاپۆرتی پشکنینی پاش مردن دەبێت لە ماوەی شەش بۆ دوازدە مانگدا دەربکرێت، بەڵام لەوانەیە زیاتریش بخایەنێت. لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا تەواو بکرێت. بەداخەوە، لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتدا زیاتر بخایەنێت. کارمەندی سەرەکی یان ئەفسەری پزیشکی دادوەری دەبێت زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ماوە چاوەڕوانکراوە بزانێت. لەم ماوەیەدا، لەوانەیە حەز بکەیت پشتگیری لە یەکێک لەو دامەزراوانە وەربگریت کە لە کۆتایی ئەم ڕێبەرییەدا هاتووە.

## دەستڕاگەیشتن بە تۆمارەکانی منداڵەکەت

بۆ ئەوەی زیاتر لە بارودۆخی مردنی منداڵەکەت تێبگەیت، دەتوانرێت دەستت بگات بە جۆرەها تۆماری پسپۆڕانی تەندروستی و چاودێریی کۆمەڵایەتی. لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە پێویست بە ڕەزامەندیت بەشێوەی نووسراو بکات، لە حاڵەتەکانی تردا ئەرکی یاسایی هەیە بۆ هاوبەشیکردنی زانیاری. قسە لەگەڵ کارمەندی سەرەکیت بکە ئەگەر پێویستت بە زانیاری زیاتر هەیە سەبارەت بە هاوبەشیکردنی داتا و دەستڕاگەیشتن بە تۆمارەکان.

## ئەوەی پزیشکی دادوەری دەیکات

پزیشکی دادوەری ئەو کەسەیە کە لە هەندێک جۆری مردن دەکۆڵێتەوە. ئەوەی کە پزیشکی دادوەری بەشدارە بەندە بەوەی کە ئایا مردنەکە 'سروشتی' بووە یان نا. ئەمە دەستەواژەیەکە کە لەلایەن پزیشکانی دادوەرییەوە بەکاردەهێنرێت. مردنی 'سروشتی' لەوانەیە بەهۆی لەدایکبوونی زۆر پێشوەختە (کاتێک منداڵ نەبەکام لەدایک ببێت) یان نەخۆشییەکەوە بێت. مردن بە هۆکارەکانی وەک پێکدادانی ئۆتۆمبێل و خۆکوشتن لە ڕوانگەی دادوەرییەوە بە 'سروشتی' هەژمار ناکرێن. ئەگەر هۆکاری مردنی منداڵەکەت بە 'سروشتی' دانەنرێت، یان نەزانراو بێت، یان ئەگەر منداڵەکەت لەکاتی دەستبەسەرکراوی لەلایەن دەوڵەتەوە مردبێت (بۆ نموونە بەپێی بەشی تەندروستیی دەروونی)، بەپێی یاسا دەبێت مردنەکە بە پزیشکی دادوەری و پۆلیس ڕابگەیەنرێت.

پزیشکی دادوەری بەزۆری پشکنینی مردنی چاوەڕواننەکراو ئەنجام دەدات لەلایەن پزیشکێکی پسپۆڕەوە کە پێی دەوترێت پزیشکی شیکەرەوەی نەخۆشی یان پزیشکی شیکەرەوەی نەخۆشیی منداڵان بۆ منداڵانی ساوا. دوای پشکنینی پاش مردن لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت ئەگەر هۆکاری مردنەکە نادیار بێت، یان ئەگەر هۆکاری مردنەکە بە 'سروشتی' نەزانرێت.

پزیشکی دادوەری دەتوانێت لە سەرەتای پرۆسەکەدا لێکۆڵینەوە بکات، یان دەتوانێت بڕیار بدات لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەوانەیە پێویست بە ئەنجامدانی دانیشتنی لێکۆڵینەوەی فەرمی نەکات. لەوانەیە چەند مانگێک بخایەنێت پێش ئەوەی بنکۆڵکاری یان لێکۆڵینەوەکە کۆتایی پێبێت. زانیاریی زیاتر لەسەر لێکۆلینەوەکان لە لاپەڕەکانی ٩ و ١٠ ی ئەم ڕێبەرییەدا هاتووە. لەوانەیە بتەوێت داوا لە نووسینگەی پزیشکی دادوەری بکەیت نامیلکەی **ڕێبەری خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی دادوەری بۆ خەڵکانی جەرگسوتاو** بکەیت کە بە وردی باسی ئەوە دەکات کە پزیشکی دادوەری و ئەفسەرەکانیان چی دەکەن و لە لێکۆلینەوەکاندا چی ڕوودەدات، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک بکەن. هەروەها بەردەستە بۆ داگرتن لە **ماڵپەری وەزارەتی داد.**

## پشکنینی پاش مردن و ڕۆڵی پزیشکی شیکەرەوەی نەخۆشییەکان

## پشکنینی پاش مردن چییە؟

پشکنینی پاش مردن، کە هەروەها بە توێکاری ناسراوە، بریتییە لە پشکنینی کەسێک دوای مردن. پشکنینی پاش مردن بۆ منداڵان دەبێت لەلایەن پزیشکێکی شیکەرەوەی نەخۆشییەوە ئەنجام بدرێت کە پسپۆڕییەکەی بریتییە لە نەخۆشی و ئەو دۆخانەی کە کاریگەرییان لەسەر منداڵان و ساوایان هەیە.

## دەتوانیت بڕیار بدەیت کە منداڵەکەت پشکنینی پاش مردنی بۆ بکرێت؟

ئەگەر مردنی منداڵەکەت ئاڕاستەی پزیشکی دادوەری کرابێت، ناتوانیت بڕیار لەسەر ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی پشکنینی دوای مردن بدەیت. بەڵام دەتوانیت داواکارییەکانت پێشکەش بکەیت کە لە دواتردا پزیشکی دادوەری سەیریان دەکات.

ئەگەر پزیشکی دادوەری بەشداری نەکات، ئەوا پشکنینی پاش مردنەکە تەنها بە ڕەزامەندیی خۆت ئەنجام دەدرێت. پێویستە لەگەڵ کارمەندانی تەندروستی گفتوگۆ بکەیت بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە ئایا ئەنجامدانی پشکنینی پاش مردن بۆ خۆت و خێزانەکەت گونجاوە یان نا.

> لەوانەیە پشکنینی پاش مردن یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنلە هۆکاری مردنی منداڵەکەت

## بۆچی پشکنینی پاش مردن گرنگە؟

پشکنینی پاش مردن **لەوانەیە** ئەمانە بکات:

- دۆزینەوەی ڕوونکردنەوەیەکی پزیشکی بۆ مردنی منداڵەکەت
- لادانی ئەگەری نەخۆشی یان کێشەیەکی تر کە لەوانەیە نیگەرانی کردبێتیت
- دیاریکردنی ئەو حاڵەتانەی تر کە لەوانەیە گرنگ بێت خێزانەکەت ئاگاداری بن
- دابینکردنی زانیاری کە لەوانەیە بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەت یان منداڵەکانی تر لە داهاتوودا بەکاربهێنرێت.

لە هەندێک حاڵەتدا، پشکنینی پاش مردن لەوانەیە هۆکاری مردنەکە نەدۆزێتەوە.

## لە کاتی پشکنینی پاش مردندا چی بەسەر منداڵەکەتدا دێت؟

کاتێک پشکنینی پاش مردن داوا دەکرێت یان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت، بە زووترین کات ئەنجام دەدرێت، بەزۆری لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا. لەوانەیە پێویست بکات منداڵەکەت بگوازیتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تر کە پسپۆڕی شیکەرەوەی نەخۆشیی منداڵانی لێیە.

لە کاتی پشکنینی پاش مردندا پزیشک هەموو ئەندامە سەرەکییەکان دەپشکنێت و بەدوای هەر نیشانەیەکدا دەگەڕێت کە بتوانێت هۆکاری مردنەکە ڕوون بکاتەوە.

پشکنینەکە بە هەمان وریاییەوە ئەنجام دەدرێت وەک ئەوەی منداڵەکەت نەشتەرگەری بۆ بکرێت. ئەم **ڤیدیۆیە** بۆ ئەو خێزانانەیە کە پێویستە بڕیار بدەن کە ئایا پشکنینی پاش مردن بۆیان گونجاوە یان نا.

لە کاتی پشکنینی پاش مردندا پێویستە ژمارەیەک نموونەی بچووک وەربگیرێت بۆ پشکنینی ورد. لەوانەیە بەمانە بوترێت 'بلۆک و سلاید.' پرسیارت لێ دەکرێت حەز دەکەیت چی لەم نموونانە بکرێت پاش ئەنجامدانی پشکنینەکان. دەتوانیت داوا بکەیت نموونەکان:

- بگەڕێنرێنەوە بۆت (ئەفسەری پزیشکی دادوەری دەتوانێت باسی ئەوە بکات کە تۆ دەتوانیت چی لە نمونەکان بکەیت)
- لەلایەن نەخۆشخانەوە هەڵبگیرێت، وەک بەشێک لە تۆماری پزیشکیی منداڵەکەت، یان بە ڕەزامەندیت تۆ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بەکاربهێنرێت، بۆ پشکنینی داهاتوو یان مەبەستێکی تر، یان
- بە هەستیارییەوە لەلایەن نەخۆشخانەکەوە فڕێ بدرێت.

هەندێک دایک و باوک ئاسوودەن بەوەی ڕێگە بدەن شانەکانی منداڵەکانیان یارمەتیدەر بێت بۆ توێژینەوە، یان ئەگەری ئەوەی پێشکەوتنی پزیشکیی لە داهاتوودا زانیاری زیاتر لەسەر شانەکان بدات. دەسەڵاتی شانەی مرۆڤ (HTA) دڵنیایی دەدات کە شانەی مرۆڤ بە شێوازێکی سەلامەت و ئەخلاقی و بە ڕەزامەندیی گونجاو بەکاردەهێنرێت. دەکرێت زانیاریی زیاتر وەربگریت لەسەر پشکنینەکانی پاش مردن لەسەر ماڵپەڕەکەیان. ئەم ڤیدیۆیە بۆ خێزانەکان سەبارەت بە هێشتنەوەی شانەکان زانیاریی زیاتر لەسەر هەڵبژاردنەکانتان پێشکەش دەکات.

لەدوای ئەنجامدانی پشکنینی پاش مردن، ئەگەر پێویست بێت، بە وەرگرتنی مۆڵەت لە پزیشکی دادوەری، دەتوانیت منداڵەکەت ببینیت و بڕیار بدەیت پێش پرسەکە منداڵەکەت ببرێت بۆ کوێ. لەوانەش هێشتنەوەی منداڵەکە بۆ ماوەیەک لە ماڵەوە یان لە شوێنێکی تری وەک خانەی نەخۆشان. ئەگەر بۆ تۆ گرنگ بێت لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا پرسە دابنێیت، هەموو ئەوانەی بەشدارن هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەگەر پشکنینی پاش مردن بکرێت لەوانەیە نەتوانیت لەو کاتەدا پرسە دابنێیت.

## ئەنجامەکانی پشکنینی پاش مردن

لەدوای پشکنینی پاش مردن، پزیشکی شیکەرەوەی نەخۆشی ڕاپۆرتێک لەسەر ئەنجامەکان دەنووسێت. ئەگەر پێویست بە پشکنینی زیاتر بکات، لەوانەیە ئەمە ڕاپۆرتێکی سەرەتایی بێت. ئەگەر پشکنینی پاش مردن لەلایەن نەخۆشخانەوە داوا کرابێت (نەک پزیشکی دادوەری) ئەوا پەیوەندیت پێوە دەکرێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەنجامەکان. ئەگەر بتەوێت کۆپییەکی تەواوی ڕاپۆرتەکەت دەدرێتێ. دەتوانیت داوا لە کارمەندە سەرەکییەکەت بکەیت یارمەتیت بدات بۆ دەستڕاگەیشتنت بەم ڕاپۆرتە. ئەم ڕاپۆرتە بەزۆری بە زمانێکی 'پزیشکی' دەنووسرێت و لەوانەیە یارمەتیدەر بێت کارمەندی سەرەکی مەوعیدت لەگەڵ پزیشکێک بۆ وەربگرێت تا ڕاپۆرتەکەت بۆ شی بکاتەوە.

بۆ پشکنینی پاش مردنی پزیشکی دادوەری، پزیشکی دادوەری هەر ئەنجامێکی سەرەتایی وەردەگرێت. ئەگەر بگونجێت، بە ڕەزامەندیی پزیشکی دادوەری، دەتوانرێت هەندێک زانیاریت لەسەر ئەم ئەنجامانە پێبدرێت. ڕاپۆرتی کۆتایی پشکنینی پاش مردن لەوانەیە چەند مانگێک بخایەنێت تا تەواو ببێت، پشتبەست بە ژمارە و جۆری پشکنینە ئەنجامدراوەکان. پاشان پزیشکی دادوەری بڕیار دەدات کە چۆن ئەنجامەکان بە تۆ بگەیەنێت.

## لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری

لێکۆڵینەوە بریتییە لە لێپرسینەوەیەکی یاسایی بۆ:

- پشتڕاستکردنەوەی کە کێ مردووە، کەی و لە کوێ و
- دیاریکردنی هۆکاری مردنەکە بە شێوەیەکی گشتی.

تۆمەتبارکردن و لۆمەی تێدا نییە. پزیشکی دادوەری لەوانەیە ڕاپۆرتێک لەسەر نیگەرانییەکی دیاریکراو بنووسێت ئەگەر هەست بکات ئەمە پارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕێگرتن لە مردنی داهاتوو.

ئەگەر پزیشکی دادوەری بڕیاری ئەنجامدانی دانیشتنی لێکۆڵینەوە بدات، وردەکارییەکانی وەک ئەوەی کە کەی و لە کوێ بەڕێوە دەچێت پێت دەدرێت. لەوانەیە وەک شایەت بانگ بکرێیت؛ لەو حاڵەتەدا دەبێت ئامادە بیت. ئەگەر تۆ وەک شایەت بانگ نەکرایت، دەتوانیت خۆت بڕیار بدەیت کە ئامادە بیت یان نا. دەتوانیت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پرسیار بکەیت و لەوانەیە پرسیارت لێ بکرێت. لەوانەیە کارمەندانی تریش ئامادە بن. لێکۆڵینەوە کراوەیە بۆ خەڵک بە گشتی و لەوانەیە ڕۆژنامەنووسان ئامادە بن. لە هەندێک حاڵەتدا لەوانەیە دەستەی سوێندخۆران بەشدار بن.

ئەگەر لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، لەوانەیە حەز بکەیت پشتگیری زیاتر لە خزمەتگوزاری پاڵپشتی دادگای دادوەری وەربگریت کە لە کۆتایی ئەم ڕێبەرییەدا هاتووە.

## کاتێک دەزگا هاوبەشەکان بەشدار دەبن

وەڵامی دەزگای هاوبەش
کاتێکە کە پسپۆڕانی دەزگا جیاوازەکان
**پێکەوە کار دەکەن**

### وەڵامی دەزگای هاوبەش چییە؟

لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراودا، وەک کاتێک کە هۆکاری مردنەکە یەکسەر ڕوون نەبێت، پسپۆڕانی تەندروستی لەگەڵ پۆلیس و دەزگاکانی تر کار دەکەن بۆ پشتگیریکردن و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن و بۆچی منداڵەکەت مردووە. ئەمە پێی دەوترێت وەڵامدەی دەزگای هاوبەش (هەندێک جار پێی دەوترێت 'وەڵامی خێرا').

### کەی پێویستە؟

وەڵامدانەوەی دەزگای هاوبەش پێویستە ئەگەر مردنی منداڵەکەت:

- بەهۆی هۆکاری دەرەکییەوە بێت (وەک ڕووداوێک)
- لەناکاو بێت و هیچ هۆکارێکی ئاشکرای دەستبەجێ نەبێت
- لە گرتووخانە ڕوویدابێت یان ئەو شوێنەی کە منداڵەکەی لێ ڕاگیراوە بە پێی یاسای تەندروستیی دەروونی
- کاتێک بارودۆخە سەرەتاییەکان گومانێک دروست دەکەن کە مردنەکە سروشتی نەبووە، یان
- لەحاڵەتێکدا کە منداڵێک لە ماڵەوە لەدایک دەبێت و هیچ کارمەندێکی تەندروستی ئامادە نەبووبێت و مردنەکە بە لەدایکبوون بە مردوویی ڕاگەیەنرابێت.

پۆلیس لە هەموو وەڵامدانەوەکانی دەزگای هاوبەش یان هەر حاڵەتێکی تر کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەبێت، بەشداری دەکات. ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ گومانلێکراویت. ئەرکیان بریتییە لە کارکردن لە جیاتی پزیشکی دادوەری و نەهێشتنی ئەگەری ڕوودانی هەر شتێکی نایاسایی.

وەڵامی ئاژانسی هاوبەش سێ قۆناغی سەرەکی هەیە:

1. وەڵامی دەستبەجێ: ڕاستەوخۆ: منداڵەکەت بە شێوەیەکی ئاسایی دەگوازرێتەوە بۆ بەشی ڕووداو و فریاکەوتن. چاوپێکەوتنی سەرەتایی لەنێوان کەسانی پسپۆڕی جیاواز وەک پۆلیس و پزیشکی منداڵان ئەنجام دەدرێت و هەندێک پرسیارت لێدەکرێت سەبارەت بەوەی چی ڕوویداوە.
2. وەڵامی پێشوەخت: بەزۆری لە هەفتەی یەکەمدا: هەموو پسپۆڕانی بەشدار زانیاری دەربارەی منداڵەکەت هاوبەش دەکەن. ئەگەر منداڵەکەت لە دەرەوەی ماڵ مردبێت، ئەم پسپۆڕانە دەتوانن سەردانی شوێنی مردنەکەی بکەن. ئەگەر منداڵەکەت لە ماڵەوە مردبێت، بەتایبەتی ئەگەر منداڵەکەت ساوا بێت، ئەوا لە ماڵەوە سەردانت دەکرێت. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەمە سەردانێکی هاوبەشی کارمەندێکی تەندروستی و ئەفسەرێکی پۆلیس دەبێت. پرسیار دەکەن دەربارەی ئەوەی پێش و پاش مردنی منداڵەکەت چی ڕوویداوە.

3. وەڵامی دواتر: لە هەفتەیەکەوە بەدواوە. ئەم قۆناغە لەوانەیە چەند مانگێک بخایەنێت: ئەگەر پێویست بێت زانیاریی زیاتر کۆدەکرێتەوە، بۆ نموونە تۆماری تەندروستی، یاداشتی دایکایەتی و منداڵی ساوا یان زانیاریی پەیوەندیداری تر. تیمی دەزگای هاوبەش کۆدەبنەوە بۆ پێداچوونەوە بەو زانیارییانەی کۆیان کردووەتەوە. ئەوان زانیاری دەدەن بە پزیشکی دادوەری بۆ لێکۆڵینەوەکانیان و ئەندامانی تیمەکە سەردانت دەکەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانیان.

## لێکۆڵینەوەیەی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆشی ئێن ئێچ ئێس

ئەگەر دامەزراوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانی تووشی هەڵەیەک بووبێت لە چاودێریکردنی منداڵەکەت، کاتی سکپڕی و منداڵبوون و مردنی منداڵەکەت لەدوای لەدایکبوون، ئەوا دەبێت لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆش ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانی بتوانێت لەو ڕووداوانە فێر بێت. ئەگەر تۆ لەو باوەڕەدیت کە شتێکی هەڵە لە چاودێری منداڵەکەتدا ڕوویداوە (یان لەکاتی دووگیانی و منداڵبووندا) و ئەمە لەوانەیە کاریگەری لەسەر مردنی منداڵەکەت هەبوبێت، ئەوا دەبێت ئەوە بۆ ڕێکخراوەکە ڕوون بکەیتەوە. پێویست ناکات لەگەڵت هاوڕا بن، بەڵام دەبێت وەڵامی خۆیان ڕوون بکەنەوە. **Sandsبەڵگەنامەیەکی ئامادەکردووە** بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات تێبگەیت چۆن دەتوانیت نیگەرانی دەرببڕیت یان سکاڵا لەسەر چاودێریی خۆت تۆمار بکەیت.

لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆش لەلایەن لێکۆڵەرەوانی ڕاهێنراوی ناو ڕێکخراوەکە ئەنجام دەدرێتو کۆمەڵێک ئامراز بەکاردەهێنرێت بۆ تێگەیشتن لەوەی چی ڕوویداوە و بۆچی ڕوویداوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە هۆکاری مردنەکە دیاری ناکەن و مەبەستیان ئەوە نییە بڕیار بدەن کە ئایا کەسێک بەرپرسە لە مردنەکە. ئەوان یارمەتی دامەزراوەکانی ئێن ئێچ ئێس دەدەن فێربن چۆن مەترسی دووبارەبوونەوەی زیانەکان کەم بکەنەوە.

## چی ڕوودەدات لەماوەی لێکۆڵینەوەی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆشی ئێن ئێچ ئێس؟

تۆ مافی ئەوەت هەیە لە سەرەتاوە و بەدرێژایی پرۆسەکە ئاگادار بیت و بەشداری بکەیت و ڕاپۆرتی کۆتایی ببینیت. لێکۆڵینەوەکە نابێت لە ٦ مانگ زیاتر بخایەنێت بەڵام ڕەنگە زیاتر بخایەنێت ئەگەر کێشەکان ئاڵۆز بن.

ئەو منداڵانەی لەدایکبوون لە (٣٧ هەفتەی دووگیانی یان زیاتر) و لە سەرەتای منداڵبوون زیندوو بوون، بەڵام لە هەفتەی یەکەمی ژیانیاندا مردوون، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە مەترسیدارەکان لە ئەستۆی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی سەلامەتیی دایکایەتی و تازە لەدایکبووان دەبێت. ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی دەرەکییە، واتە ئەو نەخۆشخانەیە کە منداڵەکەت تیایدا گیانی لەدەستداوە ئەنجامی نادات. لێکۆڵینەوەی سەلامەتیی دایکایەتی و تازە لەدایکبووان بە ڕەزامەندیی خۆت ئەنجام دەدرێت. ئەگەرنا، مردنی منداڵەکەت لەلایەن ئەو نەخۆشخانەیەوە لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت کە منداڵەکەت تیایدا مردووە بەبەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆش. مافی ئەوەت هەیە بەشدار بیت لە هەردوو لێکۆڵینەوەی سەلامەتیی دایکایەتی و تازە لەدایکبووان و لێکۆڵینەوەی ڕووداوی سەلامەتیی نەخۆش.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ڕاپۆرتێک دەنووسرێت کە ڕوونی دەکاتەوە کە چی ڕوویداوە و بۆچی (تا ئەو جێگەیەی گونجاو بێت بە گوێرەی بەڵگەکانی بەردەست) و پێشنیار دەکات بۆ هەر کارێکی داهاتوو کە دامەزراوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانی دەبێت بیگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسی زیانگەیاندن لە داهاتوودا. ئەم ڕاپۆرتە دەبێت لەگەڵ تۆ هاوبەش بکرێت و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کارمەندانی نەخۆشخانە ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی وەڵامی هەر پرسیارێکت بدەنەوە یان هەر شتێکی ناو ڕاپۆرتەکە کە لێی تێناگەیت ڕوون بکەنەوە.

ئەم لینکە زانیاریی زیاتر دەستەبەر دەکات لەسەر **چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی سەلامەتی نەخۆش**

دەتوانیت زانیاریی زیاتر وەربگریت دەربارەی **لێکۆڵینەوەکانی سەلامەتیی دایکایەتی و تازە لەدایکبووان لەسەرماڵپەڕەکەیان**

# ئەنجامی پێداچوونەوەی مردنی منداڵ

**پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ کەمێک پاش لەدایکبوون**

بۆ باشترکردنی کوالیتی پێداچوونەوە بە مردنی ئەو منداڵانەی کە کەمێک دوای لەدایکبوون دەمرن، ئامرازێک بە ناوی ئامرازی نیشتمانی **پێداچوونەوەی مردنی کاتی لەدایکبوون** (PMRT) پەرەی پێدراوە. PMRT بەشێوەیەک داڕێژراوە کە پێداچوونەوەیەکی ستانداردی کوالیتی بەرز بۆ چاودێری دایک لە کاتی دووگیانی و منداڵبوون و چاودێریی منداڵ دوای لەدایکبوون ئەنجام بدرێت. PMRT ئامرازێکی کارلێکەر و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتە کە ڕێنوێنی پرۆسەی پێداچوونەوە دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو لایەنەکانی چاودێری لەبەرچاو دەگیرێن و بەپێی ڕێنمایی و ستانداردە نیشتمانییەکان پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت.

پێداچوونەوەکە لەلایەن ئەو نەخۆشخانەیەوە بەڕێوە دەچێت کە منداڵەکە تێیدا گیانی لەدەستداوە و زانیاریی ناسێنراو لە PMRT بەکاردێت. ڕاپۆرتی پێداچوونەوە کە لەلایەن PMRT ئامادە کراوە لە تۆماری پزیشکیدا دادەنرێت و وەک بنەمای گفتوگۆ لە کۆبوونەوەی بەدواداچوون لەگەڵ دایک و باوکان بەکاردێت.

## گفتوگۆی ناوخۆیی سەبارەت بە مردنی منداڵەکەت – کۆبوونەوەی پێداچوونەوەی مردنی منداڵ

کۆتا کۆبوونەوە لە نێوان ئەو پسپۆڕانە ئەنجام دەدرێت کە پێش و پاش مردنی منداڵەکەت بەشدارییان لە چاودێری منداڵەکەت کردووە. مەبەست لەم کۆبوونەوەیە پێداچوونەوەیە بە هەموو زانیارییەکاندا بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری مردنی منداڵەکەت و دیاریکردنی هەر فێربوونێک کە لەوانەیە ڕێگری بکات لە مردنی منداڵ لە داهاتوودا. ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکە دەنێردرێت بۆ پانێلی گشتیی ناوخۆیی مردنی منداڵان (بڕوانە لاپەڕە ١٤).

سروشتی ئەم کۆبوونەوەیە و ئەو کەسە پسپۆڕانەی بەشداری تێدا دەکەن، بە گوێرەی باروودۆخی مردنی منداڵەکەت دەگۆڕێت. لەوانەیە بە چەند ناوێکی جیاواز ئاماژەی پێبکرێت، لەوانە 'گفتوگۆی کۆتایی حاڵەت'، 'کۆبوونەوەی مردنی نەخۆشخانە' ئەگەر منداڵەکەت لە نەخۆشخانە مردبێت، یان 'کۆبوونەوەی پێداچوونەوە بە مردنی پێش لەدایکبوون' لە حاڵەتی مردنی کاتی لەدایکبوون.

پێویستە دەرفەتێکت بۆ بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی لەلایەن کارمەندە سەرەکییەکەتەوە پرسیار لە کۆبوونەوەکە بکەیت. دواتر دەبێت کۆبوونەوەیەکت لەگەڵ کارمەندێکی گونجاو بۆ ڕێکبخرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەر ئەنجامێک و وەرگرتنی وەڵامی هەر پرسیارێک کە کردووتە. ئەم چاوپێکەوتنە دەکرێت لەگەڵ پزیشکی ڕاوێژکاریی منداڵان، پزیشکی منداڵان، پزیشکی منداڵبوون یان پسپۆڕێکی تەندروستی بێت. کارمەندی سەرەکیی تۆ دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوانە.

## پانێڵی گشتیی مردنی منداڵان چییە؟

ئەمە پانێڵێکی فرە دەزگایە (پێی دەوترێت پانێڵی گشتیی مردنی منداڵ) کە لە مەودایەکی فراوانتردا سەیری مردنی منداڵان دەکات بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشووی پێداچوونەوە، کە بە تاک سەیری دۆخی مردنی منداڵانی دەکرد.

بەپێی یاسا دەبێت پێداچوونەوە بە هەموو مردنی منداڵان بکرێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێترێگریلە مردنی داهاتوو بکرێتهەرکات گونجا

مردنی هەموو منداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ دەبێت لەلایەن پانێڵی گشتیی مردنی منداڵ پێداچوونەوەی پێدا بکرێت. لە سەرانسەری وڵاتدا ژمارەیەک پانێڵ هەن و مردنی منداڵەکەت بە شێوەیەکی ئاسایی لە لایەن ئەو پانێڵەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە نزیکە لەو شوێنەی کە منداڵەکەتی لێ دەژی. پانێڵی گشتیی مردنی منداڵ کۆمەڵێک خەڵکی پسپۆڕن کە ساڵانە چەندین جار کۆدەبنەوە بۆ پێداچوونەوە بە مردنی منداڵانی ناوچەکەیان. لیژنەکە ناوی هیچ منداڵێکی مردووی پێنادرێت یان هیچ زانیارییەک کە بتوانێت وا بکات ڕاپۆرتەکە بناسرێتەوە. هەموو وردەکارییەکان بە نەناسراوی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئامانجی سەرەکی بریتییە لە فێربوون لەم مردنانە بۆ هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە مردنەکانی داهاتوو.

هەرچەندە لیژنەکە ئەو پسپۆڕانە لەخۆ ناگرێت کە بەشدارییان لە چاودێری منداڵەکەتدا کردووە، بەڵام ڕاپۆرتێک لەو پسپۆڕانە وەردەگرن کە بەشداربوون

پانێڵی گشتیی مردنی منداڵ ڕاسپاردە و ڕاپۆرت دەربارەی ئەو وانانە پێشکەش دەکات بەو کەسانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەرپرسیارن. ئەوان ڕاپۆرت لەسەر مردنی تاکە منداڵێک ئامادە ناکەن، بەڵام هەر پانێڵێکی گشتیی مردنی منداڵ ڕاپۆرتێکی ساڵانە دەنووسێت کە بەڵگەنامەیەکی گشتییە. هەموو کەسێک دەتوانێت ڕاپۆرتی ساڵانە بخوێنێتەوە، بەڵام هیچ وردەکارییەکی تێدا نییە کە بتوانێت منداڵێک یان خێزانەکەی بناسێنێت.

## کێ لەو پانێڵەدایە؟

پانێڵەکە نوێنەری تێدایە لە:

- تەندروستیی گشتی
- تەندروستیی منداڵی ناوخۆیی
- خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی
- پۆلیس.

پسپۆڕانی تر ڕەنگە بانگهێشت بکرێن ڕای خۆیان بدەن لە هەر شوێنێک پێویستی کرد.

## دەکرێت بەشدار بیت لە پانێڵی گشتیی مردنی منداڵ؟

خێزانەکان بانگهێشت ناکرێن بۆ بەشداریکردن لە پانێڵەکە یان بەشداری لە گفتوگۆکردن لەسەر مردنی منداڵەکانیان لەم قۆناغەدا بکەن. لە هەر کۆبوونەوەیەکدا باس لە زۆر مردن دەکرێت و هەموو زانیارییە ناسێنراوەکانی پەیوەست بە منداڵەکەت یان هەر پسپۆڕێکی پەیوەندیدار بە نەناسراویی دەبێت. لەبەر سروشتی نەناسراویی پێداچوونەوەی پانێڵەکە، ناکرێت فیدباکی تایبەتت لەم کۆبوونەوەیەدا پێ بدرێت. ئەگەر هەر زانیارییەکت هەیە سەبارەت بە مردنی منداڵەکەت کە پێتوایە لەوانەیە بۆ کۆبوونەوەکە گرنگ بێت، دەتوانیت لە ڕێگەی کارمەندی سەرەکی خۆتەوە پێشکەشی بەڕێوەبەری پانێڵی گشتی مردنی منداڵانی بکەیت.

داتابەیسی نیشتیمانیی مردنی منداڵان زانیاری لە پانێڵە گشتییەکانی مردنی منداڵان وەردەگرێت سەبارەت بە هەموو ئەو منداڵانەی لە ئینگلتەرا پێش ١٨مین ساڵی دەمرن. ڕۆڵی ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوەی وردی ئەم زانیارییانەیە. کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانە دڵنیایی دەدات لەوەی کە وانە لە مردنەکان وەردەگیرێت، ئەوەی کە فێربوون بەشێوەیەکی بەرفراوان هاوبەش دەکرێت، و ڕێوشوێن دەگیرێتەبەر، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نیشتیمانی، بۆ کەمکردنەوەی مردنی منداڵان کە دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت لە داهاتوودا. **زانیاری زیاتر لەسەر داتابەیسی نیشتیمانیی مردنی منداڵان لێرەبەردەستە**.

# ئەگەر پرۆسەی پێداچوونەوەی مردنی منداڵان پەیڕەو نەکرا

هەندێک جار ئەو پرۆسانەی کە هەن لەوانەیە وەک پێویست ڕوو نەدەن و لەوانەیە قورس بێت باسی ئەمە بکەیت، بەتایبەتی کە توخمە جیاوازەکانی ئەم ڕێبەرییە بەسەر هەموو مردنەکاندا جێبەجێ ناکرێت.

> کارمەندە سەرەکییەکەت دەبێت یەکەم کەس بێت کە پەیوەندی پێوە دەکەیت

ئەگەر هەست دەکەیت لە هەر قۆناغێکی پێداچوونەوەکەدا ئاگادار نەکراویتەوە سەبارەت بەوەی چی ڕوودەدات لە پێداچووونەوەی مردنی منداڵەکەتدا، پێویستە سەرەتا پەیوەندی بە کارمەندە سەرەکییەکەتەوە بکەیت. هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە کەسێکی شارەزای ترەوە بکەیت کە پشتگیریت دەکات، یان ڕێکخراوێکی خێرخوازی یان ڕێکخراوێکی تر کە بتوانێت پشتگیریت پێشکەش بکات. ئەگەر کەسێکت نیە کە بتوانیت پەیوەندی پێوە بکەیت، تکایە بگەڕێوە بۆ بەشەکانی زانیاری و پشتگیریی جەرگسوتان لە کۆتایی ئەم ڕێبەرییەدا.

ئەگەر دڵنیا نیت کە کارمەندی سەرەکیت کێیە، یان کارمەندێکی سەرەکیت بۆ تەرخان نەکراوە، پەیوەندی بە کەسێکی شارەزاوە بکە کە زانیاریت دەربارەی شێوازی پەیوەندیکردن پێیەوە هەیە. ئەم کەسە لەوانەیە لە نەخۆشخانە، خانەی نەخۆشان، پۆلیس یان پزیشکی دادوەری بێت.

# بەشی ٢

## ئەو شتانەی کە دەبێت تۆ بیانکەیت

ئەم بەشە هەندێک لەو شتە جیاوازانە لەخۆ دەگرێت کە لەوانەیە پێویست بکات خۆت ئەنجامی بدەیت. کاتێک هەست دەکەیت ناتوانیت خۆت ئەو کارانە بکەیت، لەوانەیە بتەوێت بیر لەوە بکەیتەوە کە داوا لە کەسێک بکەیت یارمەتیت بدات.

### پشتگیری

ڕۆژەکان، هەفتە و مانگەکانی سەرەتای مردنی منداڵەکەت زۆر سەختن. بیرکردنەوە و هەستەکانت هەرچییەک بن، خەم ئەزموونێکی کەسییە و هیچ کات و پرۆسەیەکی دیاریکراوی نییە. هیچ ڕێگایەکی ڕاست و هەڵە نییە بۆ خەفەت خواردن.

### تۆمارکردنی مردنی منداڵەکەت

تۆ دەبێت مردنی منداڵەکەت تۆمار بکەیت بە دیاریکردنی مەوعیدێکی چاوپێکەوتن و پاشان سەردانکردنی نووسینگەی تۆمارکردن. ئەگەر تا ئێستا لەدایکبوونی منداڵەکەتان تۆمار نەکردووە، دەبێت ئەم کارە بکەیت - ئەمە داواکارییەکە کە دەبێت لە ٤٢ ڕۆژی سەرەتای لەدایکبووندا تۆماری بکەیت. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆت کە ئایا هەردووکیان لە یەک سەرداندا ئەنجام دەدەیت یان نا.
ئەگەر بەڵگەنامەی پزیشکی هۆکاری مردنت پێدراوە، ئەوا دەبێت مردنی منداڵەکەت تۆمار بکەیت. - مەرجە لە ماوەی پێنج ڕۆژ دوای مردنەکە تۆمار بکرێت. دەبوو لەگەڵ بروانامەکەدا زانیاریت پێ بدرایە سەبارەت بەوەی کە دەبێت مردنەکە لە کوێ تۆمار بکرێت. ئەگەر ئەمە گونجاو نەبوو، بژاردەی تر بەردەستە وەک ڕاگەیاندنی لەسەر ئاستێکی زیاتر ناوخۆیی. نووسینگەی تۆمارکردن دەتوانێت ئامۆژگاریی زیاتر پێشکەش بکات ئەگەر پێویست بێت.

ئەگەر مردنی منداڵەکەت نێردرابێت بۆ پزیشکی دادوەری، لەوانەیە دواکەوتن هەبێت لە تۆمارکردنی مردنی. تۆ دەتوانیت مردنی منداڵەکەت تۆمار بکەیت هەر کاتێک پزیشکی دادوەری فۆرمی 100A دەرکرد کە پشتڕاستی دەکاتەوە مردنەکە دەتوانرێت تۆمار بکرێت. لە هەندێک حاڵەتدا، پزیشکی دادوەری لەوانەیە سەرەتا داوای پشکنینی پاش مردن بکات و ئەگەر پزیشکی دادوەری پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر نەبێت، فۆرمی 100B (کە پێی دەوترێت 'فۆرمی پەمەیی')دەنێرێت بۆ تۆمارکەر. ئەگەر بڕیار بێت لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، پزیشکی دادوەری ڕاستەوخۆ دوای لێکۆڵینەوە ڕاپۆرت دەدات بە نووسینگەی تۆمارکردن و پاشان تۆمارکەر مردنی منداڵەکەت تۆمار دەکات. کاتێک مردنی منداڵەکەت تۆمار کرا، دەتوانیت بەڵگەنامەی مردن بەدەست بهێنیت.

### پلاندانان بۆ پرسەی منداڵەکەت

تۆ دەتوانیت لە هەر کاتێک بتەوێت دەست بە پلاندانانی پرسەکە بکەیت، بەڵام تەنها کاتێک دەتوانیت ئەو پرسەیە ئەنجام بدەیت کە بەڵگەنامەی مردنت یان فۆرمی گونجاوت لە پزیشکی دادوەری وەرگرتبێت. ئەگەر داواکاری ئایینی یان هەر داواکارییەکی دیکەتان هەیە کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر کاتی پرسەی منداڵەکەتان هەبێت، تکایە بە زووترین کات لەگەڵ کارمەندانی نەخۆشخانە یان کارمەندە سەرەکییەکەت گفتوگۆ دەربارەی ئەمە بکە. ئەگەر پزیشکی دادوەری بەشدار بێت، پزیشکی دادوەری ئاگادار دەکەنەوە. هەرچەندە لەوانەیە گونجاو نەبێت، بەڵام پزیشکی دادوەری هەوڵ دەدات ئارەزووەکانت جێبەجێ بکات.

لەوانەیە بتەوێت بژاردە گونجاوەکان لەگەڵ بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی پرسە تاوتوێ بکەیت. کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە چ شتێک بۆ خۆت و خێزانەکەت زۆر مانادار دەبێت. تێچووی ناشتن و سوتاندنی تەرمەکان دەگۆڕێت و تێچووی تریش هەن کە ڕەنگە تۆ بیرت لێ نەکردبێتەوە، بۆیە پێویستە پێش تەواوکردنی ڕێکخستنەکان داوای خەمڵاندنێکی نووسراو بکەیت.

ئەگەر داهاتی کەمت هەیە، لەوانەیە مافی وەرگرتنی '**پارەی خەرجیەکانی پرسەت**' هەبێت، کە بەڕێوبەری پرسەکەت دەبێت بتوانێت پارمەتیت بدات بۆ دۆزینەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە. **سندوقی پرسەی منداڵان** لە ئینگلتەرا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دابینکردنی هەندێک لە تێچووەکانی پرسەی منداڵێکی خوار تەمەن ١٨ ساڵ یان منداڵێکی مردو لە دوای ٢٤ەمین هەفتەی دووگیانی. ئەوە برە پارەیەکی جێگیرە: ئەوەی چەند پارە پەیدا دەکەیت یان چەندت پاشەکەوت کردووە کاریگەری نابێت لەسەر ئەوەی کە چەند وەردەگریت. سندوقەکە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دانی کرێی ناشتن، کرێی سوتاندنی تەرمەکان (بە تێچووی بروانامەی پزیشکیشەوە)، کفن، دارە مەیت یان تابوت (تا ٣٠٠ پاوەند). ئەگەر خەرجی دیکەی پرسەت هەیە، لەوانەیە بتوانیت داوای پارەی تێچووی پرسە بکەیت.

## یارمەتیی منداڵ و پارەکانی تر

ئەگەر تۆ یارمەتیت بۆ منداڵەکەت وەرگرتبێت، لە شێوەی پارە یان کەلوپەل، ئەمە بۆ چەند هەفتەیەک دوای مردنی منداڵەکەت بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەم ماوەیە دەگۆڕێت پشتبەست بەو یارمەتییەی بۆ منداڵەکەت وەرگرتووە. پەیوەندیکردن بەو دەزگایانەی کە یارمەتییەکان پێشکەش دەکەن پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، بەڵام بیرۆکەیەکی باشە کە ئەمە دوانەخەیت یان ڕەنگە پارەی زیادە وەربگریت کە پێویستە بیانگێڕیتەوە. حکومەت زانیاری لەسەر ئەم بابەتە بڵاو دەکاتەوە **لە ماڵپەری خۆیدا**.

یارمەتیی منداڵ بۆ ماوەی هەشت هەفتە پاش مردنی منداڵ دەدرێت، بەڵام دەبێت دڵنیا بیت لەوەی کە بە فەرمانگەی یارمەتی منداڵت ڕاگەیاندووە کە منداڵەکەت مردووە. دەتوانیت ئەمە بە تەلەفۆن یان پۆست ئەنجام بدەیت. دەتوانیت زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدۆزیتەوە لێرە **لە ماڵپەرەکەیان**.

پەیوەندیکردن بەم دەزگایانە لەوانەیە قورس بێت، بۆیە لەوانەیە داوا لە کەسێک بکەیت یارمەتیت بدات.

## شتی تر کە دەبێت ڕەچاو بکرێت

پزیشکی گشتیی منداڵەکەت و قوتابخانە یان کۆلێژی منداڵەکەت دەبێت زۆر بە خێرایی لە لایەن کارمەندێکی تەندروستییەوە لە مردنی منداڵەکەت ئاگادار کرابێتنەوە، بەڵام هەندێک خێزانیش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێوە دەکەن. دەتوانیت داوا لە پزیشکی گشتی بکەیت کە هێمایەک لەسەر تۆماری خۆت و خێزانەکەت سەبارەت بە مردنی منداڵەکەت دابنێت بۆ ئەوەی پێویست نەکات لە هەر سەردانێکدا ڕوونی بکەیتەوە کە چی ڕوویداوە.

ڕەنگە چەند شوێنێکی تر هەبێت کە زانیاریی منداڵەکەتی تێدا بێت وەک بانک و کۆمەڵگەی بیناسازی، گرووپە خۆجێییەکان، ڕێکخراوە ئاینییەکان، یانەکان، پزیشکی ددان و پزیشکی چاو کە پێویستە لە هەندێک کاتدا ئاگاداریان بکەیتەوە. ئەگەر بەشداری هەر گروپێکی ساوا یان منداڵت کردبێت، وەک یانەکانی سوپەرمارکێت یان یانەکانی ئۆنلاین، پێویستە پێیان بڵێییت کە ناتەوێت زانیاریی زیاتر وەربگریت.
بە پێچەوانەوە، لەوانەیە بەردەوام پەیوەندیت پێوە بکرێت بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر و زانیاری سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی چاوەڕوانکراوی منداڵەکەت. خزمەتگوزاری پەسەندکراوی پۆستە دەتوانێت لەم بارەیەوە یارمەتیدەر بێت. **دەتوانیت لێرە بە ئۆنلاین خۆت تۆمار بکەیت**.

ئەگەر وێنەی منداڵەکەت لەوێ هەبێت، لەوانەیە بتەوێت پێداچوونەوە بە ڕێکبەندەکانی تایبەتێتی خۆت بکەیتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە ئەگەر وێنەی منداڵەکەت هەبێت دەتوانرێت بەبێ مۆڵەتی تۆ دووبارە بەکار بهێنرێتەوە. ئەگەر منداڵەکەت هەژماری خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت، دەتوانیت یان ناچالاکیان بکەیت یان بیگۆڕیت بۆ هەژمارێکی 'یادەوەری' یان وەک هەژماری 'زیندو' بەجێی بهێڵیت. بۆ گۆڕینی هەژمارەکان، پێویستە بەڵگەی پەیوەندییەکەت و بەڵگەنامەی مردنی منداڵەکەت پێشکەش بە دابینکەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەیت.

گەڕانەوە بۆ کار لەوانەیە شتێک نەبێت کە بتوانیت لەم قۆناغەدا بیری لێ بکەیتەوە. **مۆڵەتی بەمووچە بۆ دایک و باوکی جەرگسوتاو** ماف بە خۆت و هاوسەرەکەت دەدات کە لە یەک ساڵی پاش مردنی منداڵەکەتدا تا دوو هەفتە مۆڵەت وەربگرن، بەڵام شوێنی کارەکەتان ڕەنگە خۆیان بڕیار لەسەر پێدانی مۆڵەتی هاوسۆزی بدەن. تۆ دەتوانیت لە هەفتەی یەکەمدا ئامادەنەبوون بەهۆی نەخۆشییەوە داوا بکەیت پاشان دەبێت سەردانی پزیشکی گشتی بکەیت بۆ پێدانی 'تێبینی گونجاو' بۆبەردەوامبوون لە وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی. هەوڵ بدە پەیوەندی بە کارەکەتەوە بکەیت یان داوا لە کەسێکی تر بکەیت ئەمە بکات ئەگەر زانیاری زیاترت دەوێت سەبارەت بە هەڵویستی خاوەنکارەکەت و مافی تۆ بۆ مۆڵەتی بەمووچە.

پاڵپشتیی سۆزداری بۆ خۆت و خێزانەکەت بەردەستە، بە هەر منداڵێکی دیکەشەوە کە هەتبێت. ڕێکخراوەکانی پاڵپشتیی جەرگسوتان کە لە کۆتایی ئەم ڕێبەرییەدا هاتووە لە هەر کاتێکدا بۆ خۆت و خێزانەکەت کراوەن، تەنانەت ئەگەر پێشتر لە ڕێگەی نەخۆشخانە یان خانەی نەخۆشانیشەوە پشتگیریت هەبێت. پاڵپشتیی جەرگسوتان بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز بەردەستە، ئەگەر هەست بە ئاسوودەیی بکەیت بۆ وەرگرتنی پەیوەندی بکەیت یان حەز بکەیت ئیمەیڵ بنێریت، بە ئۆنلاین پەیوەندی بکەیت یان بە شێوەی ڕووبەڕوو.

ئەگەر پێویستت بە یارمەتی دەستبەجێ هەبوو لە هەر کاتێکدا، **سامارییتانەکان** لە هەموو کاتژمێرەکانی ڕۆژدا بەردەستن بە تەلەفۆنکردن بۆ ژمارە ١٢٣ ١١٦.

## لەکوێ زانیاریی زیاتر وەربگریت

**پرۆسەی پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ**بە وردی لە پێداچوونەوە بە مردنی منداڵ - ڕێنمایی یاسایی و کرداری بۆ کەسانی پیشەیی دیاری کراوە. لەوانەیە حەز بکەیت سەیری ئەمە بکەیت ئەگەر دەتەوێ وردەکاریی زیاتر دەربارەی پرۆسەکە وەربگریت.

## خزمەتگوزاریی پاڵپشتیی دادگای دادوەری

ڕێکخراوێکی پاڵپشتیی خۆبەخشانەیە کە پاڵپشتی سۆزداری و کرداری بۆ ئەو خێزانانە دابین دەکات کە ئامادەی لێکۆڵینەوە دەبن لە دادگای پزیشکی دادوەری. دەتوانیت **زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە وەربگریت لێرە لە ماڵپەڕەکەیان**.

## پشکنینەکانی پاش مردن

دامەزراوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانی زانیاریی ئۆنلاین سەبارەت بە پشکنینی پاش مردن و شوێنی دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر دابین دەکات. دەتوانیت **زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بزانیت لێرە لە ماڵپەڕەکەیان**.

# سەرچاوەکانی پاڵپشتیی جەرگسوتان

پێویستە پشتگیریت پێشکەش بکرێت و ڕێگەت پێشان بدرێت بۆ خزمەتگوزاری و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کە لەوانەیە بەسوودی بزانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت. ئەم ڕێکخراوە نیشتیمانییانەی خوارەوە دەتوانن پشتگیری و ئامۆژگاری پێشکەش بکەن. هەموو ئەم ڕێکخراوانە پاڵپشتیی جەرگسوتان پێشکەشی خێزانەکان دەکەن، بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ پێشنیارێک بکەین. هەروەها لەوانەیە بتەوێت سەیری **هاوپەیمانیی نیشتمانیی جەرگسوتان** بکەیت کە ئەو ستانداردانە دادەنێت کە هەندێک لەو ڕێکخراوانە کاری پێ دەکەن. ئەمانە ناوە پێشنیارکراوەکانن:

## Bliss

زانیاری و پاڵپشتی بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵە ساواکانیان پێش کاتی خۆی یان بە نەخۆشی لەدایک دەبن.

www.bliss.org.uk
٠٢٠ ٧٣٧٨ ١١٢٢
hello@bliss.org.uk

## گرنگیدان بە خێزان – پاڵپشتیی دایک و باوکی جەرگسوتاو

پاڵپشتی هاوپیشە بۆ هەر دایک و باوکێک کە کوڕ یان کچەکەی لە هەر تەمەنێکدا مردبێت، لە هەر بارودۆخێک و لە هەر قوناغێکی گەشتی پرسەداریدا بن.

https://www.careforthefamily.org.uk
٠٢٩ ٢٠٨١ ٠٨٠٠
mail@cff.org.uk

## Child Bereavement UK

پشتگیری خێزانەکان دەکات و شارەزایان فێر دەکات لەسەرئەوەی کاتێک منداڵێک دەمرێت یان لەکتی مردندایە، یان کاتێک منداڵێک ڕووبەڕووی جەرگسوتان دەبێتەوە.

www.childbereavementuk.org
٠٨٠٠ ٠٢ ٨٨٨ ٤٠
helpline@childbereavementuk.org

## هێڵی یارمەتیی مردنی منداڵ

بۆ هەر کەسێک کە بەهۆی بە مردنی منداڵێک لە هەر تەمەنێک بێت و بە هەر هۆیەک بێت زیانی بەرکەوتووە.

www.childdeathhelpline.org.uk
٠٨٠٠ ٢٨٢٩٨٦

## The Compassionate Friends

پاڵپشتی بۆ دایک و باوکانی جەرگسوتاو و خێزانەکانیان.

www.tcf.org.uk
٠٣٤٥ ١٢٣ ٢٣٠٤
helpline@tcf.org.uk

## The Lullaby Trust

پاڵپشتی بۆ هەر کەسێک کە بەهۆی مردنی لەناکاو و چاوەڕواننەکراوی منداڵێک یان ساوایەکەوە زیانی بەرکەوتووە.

www.lullabytrust.org.uk
٠٨٠٨ ٨٠٢ ٦٨٦٨
support@lullabytrust.org.uk

## SUDC-UK

پاڵپشتی بۆ هەر کەسێک کە منداڵەکەیان، لە تەمەنی نێوان ١ و ١٨ ساڵ، لەناکاو و بەبێ هیچ هۆیەکی دیار مردبێت.

www.sudc.org.uk

٠٧٨٨٠ ٣٥٠٩٤٢

info@sudc.org.uk

## Sands

پاڵپشتی بۆ هەر کەسێک کە بەهۆی مردنی لەناکاو و چاوەڕواننەکراوی ساوایەکەوە زیانی بەرکەوتووە.

www.sands.org.uk

٠٨٠٨ ١٦٤ ٣٣٣٢

helpline@sands.org.uk

## A Child of Mine

پاڵپشتیی سۆزداری و کرداری بۆ خێزانە جەرگسوتاوەکان دابین دەکات.

www.achildofmine.org.uk

٧٨٥ ٨١٩

hello@achildofmine.org.uk٠١٧٨٥

## Twins Trust

پاڵپشتی بۆ هەر کەسێک کە بەهۆی مردنی لەناکاو و چاوەڕواننەکراوی چەند منداڵێکەوە زیانی بەرکەوتووە.

https://twinstrust.org/bereavement.html

٠٨٠٠ ١٣٨ ٠٥٠٩

enquiries@twinstrust.org

## Wish2

پاڵپشتی دەستبەجێ و بەردەوام پێشکەش دەکات بە هەر کەسێک کە بەهۆی مردنی لەناکاوی منداڵێک یان گەنجێکی تا تەمەنی ٢٥ ساڵییەوە زیانی بەرکەوتووە.

www.2wish.org.uk

٠١٤٤٣ ٨٥٣١٢٥

info@2wish.org.uk

**هەروەها چەندین ڕێکخراوی بەسوود هەن کە زانیاری لەسەر چەندین ڕێکخراوی بچووکتر، تایبەتمەند و ناوخۆیی بۆ خێزانە جەرگسوتاوەکان دابین دەکەن.**

**ڕەنگە بتوانیت ڕێکخراوێک بدۆزیتەوە کە تایبەتتر بێت بە باروودۆخەکەت لە ڕێگەی یەکێک لەوانەی خوارەوە، کە تیایاندا دەتوانیت پاڵپشتیی جەرگسوتان بدۆزیتەوە کە تایبەت بێت بە دۆخەکەت. هەروەها وردەکارییەکانی ڕێکخراوەکانی تری خێرخوازی کە دەتوانن پشتگیریت بکەن:**

## The Childhood Bereavement Network

پاڵپشتی منداڵان و گەنجانی جەرگسوتاو دەکات

www.childhoodbereavementnetwork.org.uk

## At A Loss

ماڵپەڕی زانیاری و ئاڕاستەکردنی جەرگسوتانی بەریتانیا

www.ataloss.org

## The Good Grief Trust

چیرۆکی ڤیدیۆیی و وتاری خێزانەکانی تر لەخۆ دەگرێت کە منداڵیان لەدەست داوە، هەم لە تەمەنی گەنجی و هەم لە تەمەنی گەورەییدا و دەستپێشخەری ئەو پسپۆڕانەی کە پشتگیریان دەکەن بڵاو دەکاتەوە

www.thegoodgrieftrust.org

# لۆگۆکانی سپۆنسەرکردن

A Child of Mine
Supporting Bereaved Parents

Child Bereavement UK
REBUILDING LIVES TOGETHER

the lullaby trust

At a Loss.org
Helping the bereaved find support

sands
Saving babies' lives.
Supporting bereaved families.

National Bereavement Alliance

Bliss
for babies born premature or sick

NHS England

Childhood Bereavem Network

2wish

The Compassionate Friends

Child Death HELPLINE
We're here to listen

Twins trust.

Care for the Family

SUDC UK
Sudden Unexplained Death in Childhood
an affiliate of the SUDC Foundation

The good grief trust
Help & hope in one place

NHS England

داتابەیسی نیشتیمانیی مردنی منداڵان (NCMD) **پرۆگرامێکە پارەدار دەکرێت لەلایەن دامەزراوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتیمانیی (ئێن ئێچ ئێس) ئینگلتەرا**

NCMD
National Child Mortality Database